# مارکسیزم و جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت

**بەشی چوار و کۆتایی**

**مەحمود محەمەد عوسمان**
m_o_osman@hotmail.com



**( من تەنها خوازیاری جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت نیم، بەڵکو خوازیاری خەباتی هۆشیارانەی کۆمەڵگەم لەگەڵ ئایندا، خوازیاری ئەوەم چۆن بەشێک لە داهاتی کۆمەڵگە بۆ بەرگرتن لە مەلاریا و نەخۆشییەکانی تر خەرج دەکرێت، چۆن لە دژی ستەمکێشی ژنان و نەژادپەرەستی، ئازاردانی مندالآن هۆشیارانە سیاسەت دادەڕێژرێت، بەهەمان شێوە وزە و توانا تەرخان بکرێت بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئاین، ، هەڵبەتە مەبەستم لە ئاین ( دامەزراوە ئاینی و پێناسەکراوەکانە) نەک ئەندێشەی ئاینی و بڕوا بوون بە ئاینی کۆن و ئێستە.) (مەنسوور حیکمەت)**

**باس کردنی جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە خۆی لە خۆیدا باسکردنی ڕوانگەی مارکسیزمە بۆ ئاین، لە هەمان کاتدا بیرۆکەی مادە پێش فیکر دێتە پێشەوە، هەروەها باس کردنی خودی ئاینش دێتە پێشەوە، بەڵام بەتەنها باسکردنی فەلسەفیانە بۆ ئەم مەسەلەیە بە هەردوو بەشەکەیەوە چ فەلسەفەی مادی یان میسالی، ناتوانێت خزمەت بەم چەمکەیە بکات. چونکە باوەڕ بوون تەنها بەوەی ماتریالیزم پێش ئایدیالیزمە، بەس نییە بۆ بەروپێشچوونی کۆمەڵگە و بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یان لە کێشمەکێشی چینایەتی، ( لە سەردەمێکی دیاریکراودا ) ڕەنگە ئەوەندە ڕۆڵ نەبینی، هەرچەندە یەکێکە لە بنەڕەتەکانی مارکسیزم.**
**هەر یەکێک خۆی بە مارکسیزم دابنا، سادەترین مەسەلە کە باوڕی پێیدەبێت ( دەربارەی ئاین) دەسەڵاتی مادەیە پێش فیکر و باوەڕی وایە کە ئاین مەسەلەیەکی شەخسییە، ئەمە لەلایەک و لە لایەکی ترەوە ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەی هەیە لە ئاین و سەرهەڵدانی و چ کارێکی کردووەتە سەر دواکەوتنی کۆمەڵگە. بەڵام ئەگەر ئەم تاکە لە ڕێکخراوێکدا کار بکات یان لە حیزبێکدا، ڕەنگە بە حوکمی پێوەندییەکانی ئەو ڕێکخراوە، تاکەکە نەتوانێت ئەم لایەنە بەرو پێشەوە ببات یان هەڵوێستێکی ڕۆشنی هەبێت، لەوانەیە بە شەرمەوە باس لە بێ باوەڕبوونی مارکسییەکان بکات.**
**ئەگەر بە وردتر باس لەم مەسەلەیە بکەین ( جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت) دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو دەق و نامانەی کە ڕابەرانی سۆشیالیزم لەم بارەیەوە نووسیویانە. هەموویان باس لەوە دەکەن کە ئاین مەسەلەیەکی تایبەتمەندی مرۆڤەکانە و ئەو جیهانەی کە ڕابەرانی سۆشیالیزم باسی لێدەکەن و یاسایان بۆ داناوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، ئاین جێگەی نابێتەوە وەک کۆمەڵێ یاسا و بیر وباوەڕ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە. بەو مانایە نا کە ئاین لەناوبەرن، بەڵکو بەو مانایەی کە ئاین وەک باوەڕ و پەرەستن تایبەتمەندی تاکە و تاکەکان ئازادن لە باوەڕبوونیان یان بێباوەڕییان. هیچ کات ڕابەرانی مارکسیزم باسی لە ناوبردنی ئاینیان نەکردووە.**
**جیابوونەوەی ئاین لەدەوڵەت، لە بنەڕەتدا کاری بورژوازی نیشتمانییە، ئێستە لە ئەورووپا ئەوە بە**

ڕوونی دیارە، چونکە ئاین یەکێکە لە سیماکانی کۆمەڵگەی فیودالیزم و هەر لەوێشەوە سەری هەڵداوە ( بورژوازیش لەو ماوەیەدا ڕۆڵی شوڕشگێرانەی بینیوە، چونکە هەر کاتێک بورژوازی هاتبێتە سەر دەسەڵات. هەموو پێوەندییەکانی دەربەگایەتی و بەتریریکی و عاتفی لە ژێر پێدا تلیقاندووەتەوە و بە بێبەزەیی هەموو پێوەندیە ڕووکەشەکانی سەردەمی دەربەگایەتی لاداوە کە مرۆڤی پەیوەست کردووە بە سرووشتەوە) 4. و برژوازیش هەر کاتێک بزانێت کە پێویستی بە ئاینە بۆ بەردەوامبوونی ماشینی پەیداکردنی پارە و دەسەڵات، ئەو کاتە پشتگیری چەسپاندنی ئاین دەکات و هەموو بەشەکانی دەسەڵات لە خزمەتی ئایندا دەخاتەگەڕ. هەڵبەتە ئەمە بە ڕۆشنی دەر دەکەوێت لە وڵاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئیتر کە ئەم کێشەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە و لە لایەن دەسەڵاتدارانی برژوازی قسەیەک نییە لەسەری و پشتگیری ناکرێت، بۆیە مارکسییەکان و خەڵکی ئازادی خواز هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئاین لە دەوڵەت جوودا بکرێتەوە. ئەمە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی باوڕم وایە. پەیوەندییەکانی سەرخان( لە زانست و هونەر و ئاین و سیاسەت و ڕۆشنبیری و یاسا) بە سستی نامێنێتەوە و کاردەکەنە سەریەک و بەهەمووشیان کار دەکەن سەر پەیوەندییەکانی ژێرخان، بۆیە هەندێ جار یەکێک لەمانە شوێنێکی سەرەکی دەبینێت و وا دەردەکەوێت کە ئەمە کێشەی سەرەکی مارکسییزمە. بەڵام وانییە، ئەمە تەنها لە ماوەیەکی دیاریکراودا دێت. مارکسیزم پێش ئەوەی باس لە ئاین بکات یان هەربەشێکی تر وەک یەکسانی ژن و پیاو، ڕزگاربوونی نەتەوەکان، مافی منداڵان، بەرنامەیکی گشتییە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی سەرمایەداری و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە سەیری ئەم بەشانەی ناو کۆمەڵگە دەکات. هیچ کات جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت یان یەکسانی ژن و پیاو یان ئازادی نەتەوەکان دوا هەنگاوی مارکسیزم نییە، ئەم بەشانە پێوەندییەکی حەیاتییان هەیە لەگەڵ یەکدا و بەهەمووشیانەوە لە مەسەلە چیانییەتەکە سەرچاوە دەگرن بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتانە. ناکرێت تەنها باسی جیابوونەوەی ئاین لەدەوڵەت بکەین بەڵام ژنان پلە دوو بن یان میسۆلۆجەکان وداستانەکان لە ڕێگەی یاساوە دەسەڵاتداربن یان پەروەردە و فێرکردن پێویستییەکانی دابین نەکرابێت وە یاخود بیمەی بێکاری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بوونی نەبێت، هەوڵدانەکە و خەباتەکە هەمەلایەنەیە و لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە هەموو ئەمانە پەیوەستن بە ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دەستی کاری کرێگرتە. بەدەستهێنانی هەر دەستکەوتێک لەوانەی سەرەوە نە مارکسیزم دەوەستێت لە ڕەخنەی لە سیستەمی سەرمایەداری وخەبات بۆ سەروژێرکردنی و نە مرۆڤیش بەتەواوەتی هەموو پێویستییە فیسۆلۆجی و هیوا ئینسانییەکانی دێتە دی، بەڵام هەنگاوێکە بۆ بەردەوامبوون و هاندەرێکە بۆ دەستکەوتی تر.

بۆیە بە درێژای مێژوو نەک تەنها مارکسیزم و بزووتنەوەی کرێکاری، تەنانەت خەڵکی ئازادی خوازیش هەر بەم شێوەیە سەیری ئاینیان کردووە وەک تایبەتمەندی تاکی کۆمەڵگە، هەروەرها زەمەنێکە نووسەران و فەیلەسووفەکان هاواریان کردووە ئاسمان بۆ خوا و نیشتمانیش بۆ هەموو.
مارکس و ئەنجلس بە هەنگاوی باشیان داناوە کە ئاین لە دەوڵەت جوودابکرێتەوە و بە بەردەوامی ڕەخنەیان لە بیر وباوەڕی ئاینی گرتووە وهۆی سەرهەڵدانی ئاینیان ڕوونکردووەتەوە و بە توندی دژی دام و دەزگاکانی ئاینی مەسیحی بوونەتەوە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە بەرژەوەندی کەنیسە لەگەڵ بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا یەکیان دەگرت. بەم هەموو ڕەخنەیە کەڕابەرانی سۆسیالیزم دژ بە

ئاین ئەنجامیاندا وبەتوندی دژ بە پیاوانی ئاینی و چۆن ئاین وەک داریک بەدەستی برژوازییەوە و بەگوێرەی پێویست بەکار دەهێنرا، چەندی توند بوون دژ بە ئاین بەلام لەمە توندتر دژ بەو هێرشە سەرکووتانە دەبوونەوە کە دژ بە ئاین بەکار دەهێنرا لەلایەن کۆماری دووەم لە فەرەنسا و ئەڵمانیا لە کاتی بسماركدا ( وەک زۆربەی مێژوونووسەکان باسی ئەو دوو دەسەلاتە دەکەن لە دژایەتییان بەرامبەر بزووتنەوە ئاینییەکان).

لە هەمان کاتدا مارکس و ئەنجلس دەڵێن: ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی ئاین پەیوەندی هەیە بە ڕابردووەوە، ئەلێرە دابڕانی ڕۆڵی ئاین دەردەکەوێت ، کەوا ئاین ناتوانێت ڕەخنە بگرێت لە سیستەمی سەرمایەداری و ناتوانێت ئامانجی مرۆڤەکان بخاتە ڕوو. چونکە ئاین بە نامۆ دادەنەن لەم سەردەمە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (کە ئاین لە سەردەمە کۆنەکان لە دایک بوو و پەیوەستە بە خەیاڵ و بیرکردنەوە ناڕۆشنەکانی خەڵکی سەرەتایی لە تێگەیشتنیان بۆ سروشت و دەوروبەری.)5

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکان ئەو کاتەی کە مارکس و ئەنجلس خۆیان بە هیگلی دادەنا، و قسە و باسیان دەربارەی ئاین و مەسەلە فەلسەفییەکان ئەوەندە نزیک بوون لە هیگلەوە، ئەوەندە نزیک نەبوون لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەهەم کە ئەو کاتە زۆر ئیدانەی ئاینیان دەکرد 6.

بە دەرچوونی هەردوو کتێبی فیورباخ ( ناوەڕۆکی مەسیحی) 1841 و ( بنەماکانی فەلسەفەی ئایندە) ساڵی 1843، ئەنجلس پاشان لەسەر ئەم دوو کتێبە دەنووسێت ( دەبوایە مرۆڤ خۆی هەستی بکردایە بە کاریگەرێتی ڕزگاریانەی ئەم دوو کتێبە، هەموومان ( مانای هیگلە چەپەکان بە مارکسیشەوە) بە یەک جار بووینە لایەنگرانی فیورباخ)7.

بە خوێندنەوەم بۆ ژیانی مارکس و ئەنجلس و بەرهەمەکانیان و بەتایبەتی بۆ ئەم مەسەلانە، ئەنجلس لەسەرەتاوە زۆر بە توندی ڕەخنەی لە مەسەلە ئاینییەکان دەگرت و هێرشێکی بێوەستانی دەکرد8 و هەرچی مارکسە لە چوارچێوەی ئاین تلیاقی گەلانە و هەر سیستەمی سەرمایەدارییە هۆی بەدبەختی مرۆڤە دەرنەدەچوو، و لە ڕوانگەی کە بە بێ ڕووخانی سیستەمی سەرمایەداری مرۆڤ ڕزگار نابێت، سەیری ئاین دەکرد. برژوازیش بەم ڕەخنانە قەڵخ دەبوو. بۆیە ئەو کاتەی کە (برژوازییە ڕادیکالەکان لە ڕینانیا، ئەوانەی کە لە چەند خاڵێکدا یەکیاندەگرد لەگەڵ هیگلییە چەپەکان، ڕۆژنامەیەکی ئۆپۆسزیونیان دەرکرد لە شاری کۆلنیا ( بەناوی ڕۆژنامەی ڕینانیا)، کە لە یەکی ینایری ساڵی 1842 دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد، مارکس و برۆنۆ باور بانگکران بۆ بەشداریکردن وەک دەستەی نووسەرانی سەرەکی تێدایە )9 مەبەستم لەم نموونەیە ئەوەیە وێرای ئەوەی کە ئەنجلس ڕەخنەکانی زۆر توند بوو بەرامبەر ئاین و کەنیسە، بەلام دەسەلات ئەو کاتە زۆرتر لە ڕەخنەکانی مارکس شڵەژابوون، چونکە ڕەخنەکانی ڕاستەوخۆ بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری و دام و دەزگاکەی بوو. بۆیە بەدەیان شێوەیە هەوڵیان دا کە مارکس بووەستێت لەم جۆرە ڕەخنانە بەلام بێسوود بوو، بۆیە ڕێگریان لەبەردەم مارکس دا ئەنا تا لە کۆتایدا مارکس ڕۆژنامەکەی بەجێهێشت. دوای وتارەکەی دەربارەی بارودۆخی جوتیارانی مەی درووستکەر لە دۆڵی مۆزیل. مارکس هەستی کرد زانیاری تەواوی نییە لە ئابوری، بۆیە بریاری دا کە بە قووڵی ئابوری بخوێنێ و بەرهەمی ئەو هەوڵە پیرۆزەیمان بینی لە سەرمایەدا.

لە مێژووی فەلسەفەو فیکردا دوو کەس نەهاتووە وەک مارکس و ئەنجلس ئەوەندە مونسەجم وئەوەندە بەرهەمەکانیان تەواوکەری یەکبن و هەندێ جار هەست نەکەیت ئەم وتارە یان ئەو

دەستەواژە کێ نووسیبێتی. بەڵام ئەنجلس زۆربەی ئەو نووسینانەی کە پەیوەستن بە مێژووی مرۆڤ و ڕۆڵی ئاینەکان و زۆر لەمەسەلەکانی تری کۆمەڵگە مۆری ئەنجلس و ماندوو بوونی تێدایە. ئەنجلس پاش ئەو نووسینانە بە ئاشکرا هاواری دەکرد کە ئاین لە دەوڵەت جوودابکرێتەوە وبە زمانێکی تر باسی ئاینی دەکرد، بەڵام بە بێ لادان لەویاسایە کە سیستەمی سەرمایەداری دەبێت هەڵوەشێتەوە و هەموو ڕەخنەکان خۆیان لەو چوارچێوەیە ببینن، بۆیە بە ڕەخنەی دژی ئاین لە لایەکەوە و بە داواکردنی جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت لە لایەکی ترەوە. پاڵپشتی خەڵکی زەحمەتکێش بوو ئیتر ئەگەر ئەو خەڵکانە سەر بە بزووتنەوی ئاینیش بن. مایکل لوفی دەنووسێت:(  ئەنجلس پشت بەو بەرنامەی کە لە کێشمەکێشە چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت– کێشمەکێش لە نێوان ماتریالیزم و ئاین، بە بەردەوامی هاوتەریب نییە لەگەڵ کێشمەکێش لە نێوان شۆڕش و کۆنەپەرستییدا. بۆ نموونە لە ئینکلتەرای سەدەی هەژدە، ماتریالیزم لە شەخسی هۆبزدا خۆی دەنوان کە پاڵپشتی خاوەندارییەتی ڕەها بوو، لە کاتێکدا کۆمەڵە پرۆتستانەکان ئاینیان وەک ئالایەک بەرزکردەوە لە خەباتی شۆڕشگێرانەیان دژ بە ستیورات)9. ئەمە نموونەیەکی زیندووە کە ڕەخنەی مارکسیزم لە ئاین پەیوەستە بە ڕەخنەی بنەڕەتی لە سەرمایەداری .

لەبەر ئەوەی لینین لەسەرەوەی دەسەڵات بوو و ڕابەرێکی سۆشیالیستی بوو و دەیان ساڵ بەشدار بوو لە خەبات و خرۆشان و کێشمەکێشە فیکری و ڕیکخستن و پاشان دەسەڵات و شەڕی جیهانی یەکەم و وەستانەوە بەرامبەر نازییەت و دەیان هاوکێشەی جیهانی. کەوابوو هەر بیروبۆچوونێک لەسەر ئاین یان جیابوونەوەی ئاین لەدەوڵەت، لە کەسێکەوە دێت کە هەموو بڕیارەکان لە لایەن ئەم و هاوڕێکانییەوە دێن. وێڕای ئەم دەسەڵاتەی، لینین بە ئاشکرا وتی ئاین تایبەتمەندی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەیە و تەنانەت پێناسەی بۆ حزبی ڕابەری چینی کرێکار و کەسانی کۆمۆنیست دەبێت دژ بە هەموو چەوسانەوەیەک بن چ چەوسانەوەی نەژادی ، ئاینی، ڕەگەز، چینایەتی. هەروەها ئاشکرای کرد کە دەبێت هۆی سەرهەڵدانی ئاین و کارتێکردنی لە بنەما کۆمەڵایەتییەکان ڕۆشن بکەینەوە و لە سەر ڕێبازی مارکسی بکۆڵینەوە و بزانین هۆی ئەم چەوساندنەوە چییە و چۆن بتوانین ژیانێکی بەختەوەر بەسەر بەرین. ئەوەندە بانگهێشەی بۆ جەنەتی سەر ڕووی زەمین دەکرد ئەوەندە باسی لە ئاین پەرەستی نەدەکرد، گرنگی بەوە دەدا کە هەوڵبدرێت بەهەشتی سەرزەمین درووست بکرێت وجیهانێکی بێ چەوساندنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە درووستکردنی ئەم بەهەشتە، با برۆن بۆ کەنیسە یان ئیمانیان هەبێت.

لە هەموو نووسینەکانیدا و بەتایبەتی نووسینەکەی سۆشیالیزم و ئاین، باس لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووی و ماتریالیزمی دیالیکتیکی دەکات بۆ پێناسەی کۆمەڵگە و هەموو بەشەکانی کە پەیوەستن بە ئاینەوە. بۆیە هەوڵی دەدا کە ڕەگی ئاین بدۆزرێتەوە و ئەو فاکتەرانە چین کە وا لە ئاین دەکەن شوێنی هەبێت لە کۆمەڵگە.

 مەنسووری حکمەتیش هەمان تێڕوانینی هەبوو کە ئاین لە دەوڵەت جوودا بکرێتەوە،  دەنووسێت: لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی ئێران دەسەڵاتێکی ئاینییە، بۆیە تەئکید دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی ئاینی نییە، ئەوە دەسەڵاتە وا ڕۆشنبیری ئاینی و میدیا ئاینی و پەروەردەی ئاینی بڵاو دەکاتەوە و کاری کردووەتە سەر کۆمەڵگە، لە مێزگردی: باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی، لە وەڵامێکدا ئەوا دەنووسێت: ( عەلمانییەت هەر دەبێت بەم شێوەیە پێناسە بکەین کە باوە، واتا جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و پەروەردە وفێرکردن، جیاکردنەوەی ئاین لە ناسنامەی

هاولاتی و پێناسەکردنی ماف و دەسەلات و ئەرکەکانی،لە هەمان مێزگردا دەلێت: من تەنها خوازیاری جیابوونەوەی ئاین لە دەولەت نیم، بەلکو خوازیاری خەباتی هۆشیارانەی کۆمەلگەم لەگەل ئایندا، خوازیاری ئەوەم چۆن بەشێک لە داهاتی کۆمەلگە بۆ بەرگرتن لە مەلاریا و نەخۆشییەکانی تر خەرج دەکرێت، چۆن لە دژی ستەمکێشی ژنان و نەژادپەرەستی، ئازاردانی مندالان هۆشیارانە سیاسەت دادەڕێژرێت، بەهەمان شێوە وزە و توانا تەرخان بکرێت بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ئاین، هەلبەتە مەبەستم لە ئاین ( دامەزراوە ئاینی و پێناسەکراوەکانە) نەک ئەندێشەی ئاینی و بڕوا بوون بە ئاینی کۆن و ئێستە.) ئەمە ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ شەڕ لەگەل بزووتنەوە ئاینییەکان و لەهەمان کاتدا ڕێزگرتنە لە باوەڕ بوون و پەرستن.

سەرچاوەکان.


1_ عفيف الاخضر (قدر العلمانيه فی الوطن العربی). 24–اپريل 2005

2_مهدی النجار ( الدستور من الطائفيه الی العلمنه) الحوار المتمدن 30–9–2006

3_يوميات جمعهة اللامی ( الجيران) 12–5–2007

4_ مارکس– انجلس ( بيان الحزب الشيوعی) ص 50 مختارات المجلد الاول.

5_ انجلس ( لودفيخ فورباخ ونهاية الفلسفه الکلاسيکيه الالمانيه) ص 57 مارکس انجلس ( مختارات المجلد الرابع.

6_ مايکل لۆفی ( المارکسيه والدين). الحوار المتمدن 1–7–2006.

7_لينين ( کارل مارکس) لاپەڕەی 10

8_ د. ريازانۆف ( محاضرات فی تاريخ المارکسيه) ترجمة جۆرج طرابيشی.

9_مايکل لۆفی ( المارکسيه والدين).

10 lenin Socialisme en godsdienst

11_lenin Over de houding van de arbeiderspartij tegenover godsdienst

12_مەنسوور حيکمەت (مێزگردی: بالاکردنی و ئاوابوونی ئيسلامی سياسی). سەعيد ئەحمەد لە فارسييەوە کردوويەتی بە کوردی.